# سودانی جەخت لەسەر گرنگی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی پلان و پڕۆژەکانی ژێرخانی دەکاتەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تێئکیدیکردەوە: بابل یەکێکە لە پارێزگا گرنگەکان و پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی ستراتیژی و گۆشەپەدان.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە، دەڵێت: سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پشوازی لە پارێزگاری بابل عەدنان فەیحان موسا کرد، و لە دیدارەکدا پەداچوونەوەیان کرد بۆ دۆخی گشتی پارێزگاکە و بەرەوپێشچوونی بەرنامەی حکومەت لەسەر ئاستی پارێزگاکە و بارودۆخی خزمەتگوزاری و ژیان بەگشتی و هەروەها ئەو پڕۆژانەی کە لە قۆناغ و ناحیەکانی بابل جێبەجێ دەکرێن.

بە گوتەی بەیاننامەکە، سودانی جەختیکردەوە: لە گرنگی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی پلان و پڕۆژەی ژێرخانی پەسندکراو لە سەرانسەری کەرتە خزمەتگوزاری و پیشەسازییە جیاوازەکاندا، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووری پارێزگاکە و جێبەجێکردنی خواستەکانی هاووڵاتیان.

سەرۆك وەزیران ئاشیگەیاند: بابل یەکێکە لە پارێزگا گرنگەکان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییە ستراتیژییەکەیەوە، ئەمەش پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە بۆ تەواوکردنی پڕۆژە ستراتیژی و گۆشەپەدانەکان بۆ بەدیهێنانی دەرفەتی زیاتری گۆشەپەدان.